# چەند تیشکێک لە سەر ڕۆڵی عایشە لە ڕوداو مل ملانێکانی ئیسلامدا

## بەشی چوارەم

ع.ق. بەختیار

### دەست نیشانکردنی عوسمان بە خەلیفە و هۆکارەکانی تێکچونی نێوان عایشە و خەلیفەی سێ هەم

دوای ئەوەی عومەری کوڕی خەتاب یان لەخانوە کۆنەکەی عایشە دا لە تەنیشت پێخەمبەر ناشت، (سەلمانی فارسی )دەچێت بۆ لای علی داوای لێدەکات کار بکات بۆ زەمینە خۆشکردنی خۆی تا ببێت بەخەلیفە، بەڵام عەلی ڕازی نابێت دەڵێت ئەگەر کارێکی لەو شێوە یە بکەم ئەوا خەڵکی واتێ دەگەن کەمن ئارەزوی دەستەڵات و پارەم هەیە،ئەگەر خەڵکی منیان بەدڵبێت ئەوا خۆیان داوام لێدەکەن خەلافەت بگرمە دەست،لە مەدینە دا دەنگوباس بڵاوو دەبێتەوە(تەلحە) دەست نیشان کراوە بۆ هەڵبژاردنی خەلێفە لە لایەن عایشەوە، خەڵکێکی زۆر دژی تەلحە دەنگی نارەزای بەرز دەکاتەوە،ڕۆژی سێهەمی مانگی محەرم الحرام(ساڵی بیست و چوارەمی پاش هیجری) کاروان سەرای بازرگانانی مەدینە دیاری کرا تا لەبارەی خەلیفە وە ڕاویژ بکەن،بەپلانی عایشە(زوبێر) دەچێتە بەرزیەک دێت بەشان و باڵی تەلحەدا بەڵام لەناو خەڵکەکەدا نارەزای بەرز دەبێتەوە دژ بە تەلحە،دوایی قساکانی زوبێر (عەبدووڵڵا بن کەعب ئەنساری) دەچێتەجێگاکەی زوبێرو باس لە ئازایەتی ونەفس بەرزی و دەست پاکی عەلی دەکات دەڵێت هەتاوەکوو ئێستا یەک درهەمی لە بەیت المال وەر نەگرتووە کە دەی توانی وەری بگرێت بەڕەنجە شانی خۆی دەژی،لە وکاتەدا (سەداقەبن مالک المدلەجی) دەڵێت وەک دەزانن خەیری زوبێر کەسی تر بەیعەت بەتەلحە نادات بۆیە شەنسی بۆ خەلیفە لاوازە عەلی ش خۆی حەزناکات ببێت بە خەلیفە بۆیە لێرەدا ئامادە نیە،(سەداقە)بەڕێنمای عایشە قسەدەکات دژ بەعەلی ،عایشە دەیزانی خەڵک ڕقیان لە تەلحە یەو دەنگی نادەنی ئەمەی بۆیەکرد هەتا خەڵکی توشی سەرلێشێ واوی ببن ،دژایەتی تەلحە بکەن کەناوی ( عوسمان) هێنرا خەڵکی لە ترسی ئەوەی تەلحە نەکرێت بەخەلیفە بەیعەت بە عوسمان بدەن، عایشە پێش تریش لەکاتی مانەوەی عومەر بە بریندای داوای لە عومەر کرد بوو ناوی عوسمان بخاتە پێش ئەو چوار کەسەی ترە وە کە ناوی هێنا بوون ،هەڵبژاردنی عوسمان بەخەلیفە ڕێکەوتنێکی نهێنی دەبێت لە بەینی عایشە و عوسمان دا لە بەران بەر ئەوەدا عوسمان ساڵانەکەی عایشە لەبیت المال بکات بە(500 )هەزار درهەم،لەکەتی وتوو وێژدا عوسمان دێت بۆ ناو خەڵکەکە دەگاتە پێشەوە(سەداقەبن مالک المدلجی) بەدەنگی بەرز هاوار دەکات ئەوە خەلیفەی موسڵمانان تەشیفی هێنا ، ناچار خەڵکەکە ڕازی دەبن بەخەلافەتی عوسمان نەک لەبەر ئەوەی کەبەدڵیان بوو بەڵکوو لەبەر ئەوەی لەعوسمان خراپتر نەبێت بەخەلیفە، هەر لەگەڵ گرتنە دەستی دەسەڵات عوسمان ئەو کەسانەی لەکار خست کە پشتیوانی عەلی یان کرد بوو بۆ ماوە یەک، لەوانە( سەعدی کوڕی وەقاس)زۆری نەبرد بەینی عایشە و عوسمان تیک دەچێت هەندێک دەڵێن هۆکاری تێک چونی عایشە و عوسمان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە عوسمان بەڵێنەکەی خۆی نەهێنایە جێ کەلە بیت المال ساڵانە(500)هەزار درهەم بدات بە عایشە،عوسمان لەسەردەمی خەلافەتی خۆیدا دەست دەکات بە بەخشینەوەی مووچە بۆ هەرچی خزموو چوار دەوری خۆی هەیە ،بیت المال دەکات بە سفرە یەک بۆ یان ،گۆڕانکاری لەحاکمی شارەکان دەکات لە جێگەیان خزموو کەسووکاری خۆی دادەنێت ،گەندەڵی سەرتاپای خەلافەتی عوسمان داگیر دەکات ، دەست دەکات بەسەرف کردنی بەیت المەل بۆ خۆشی و خۆشگوزە رانی خۆی کۆشکی گەورە و بێ وێنە لە مەدینە دا بۆ خۆی دروست دەکات ، دایم کە نیزەی جوان و ڕازاوە لە بەردەستی خۆی دادەنێت، لەهەر جێگەیەک ناوی کە نیزەیکی جوان بهاتایە دەبوایە بهێنرایە بۆ خەلیفە،جل وبەرگی ئاورێشم ی

گران بهای لەبەر دەکرد ،کام خواردن خۆش و بەتام بوایە دەبوایە سازبکرایە بۆی ،ڕەشوە و پارە وەرگرتن لە هەموو جێگایەک وەردەگیرا، پاشاگەردانی و بێسەرو بەریی تەشەنەی سەند بوو ،

دەگێڕنە وە ئایەتەکانی قورئان هەمووی لەسەر پێستی حەیوانات و ئێسقانی پشتی وشتر نوسرابوون،عوسمان بیری لە وە کردەوە کەئەگەر هەوڵ نەدات بۆ کۆکردنە وەیان ئەوا لە پاشە ڕۆژدا ڕوبەڕوی نەمان و لە ناوچوون دەبێتەوە،بۆ یە دەبێت کۆبکرێتەوە هەتا لە بەردەستی موسڵمانان دابن ،عوسمان کۆمەڵێکیی دەست نیشان کرد بۆ کۆکردنەوەیان ئەویش بریتی بون لە(عەلی کوڕی ابی طالیب، ئەبوسوفیان بن حرس بن عبد اللمطلب،طفل ی برای،ابو ضلمەی انساری،عبدالرحمان بن ربیعە،ابو درداءانساری)، هەندێک کەسی تریش من ئێستا ناوەکانیم لە بەر دەستدا نیە،(سەلمان باهلی)دەچێت بۆ لای عوسمان دەڵێت ئەی خەلیفە بەشداری کردنی عایشە دایکی موسڵمانان لەگەڵ ئەو کۆمەڵە دا کارێکی پێویستە،چونکە زۆربەی ئایەتەکانی قورئانی لەبەرە، زۆربەی ڕیوایەتەکانی پێخەمبەر لەڕێگەی ئەوەوە گەشتووە بە موسڵمانان،عوسمان دەڵێت عایشە ئامادەنیە هاوکاری ئەو کۆمەڵە بکات بۆ کۆکردنەوەی قورئان ،هۆی بەشداری نەکردنی عایشە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەعوسمان بەڵێنی دابوو بە عایشە،لەگەڵ گرتنە دەستی دەسەڵاتیی خەلافەتدا ساڵانەکەی بکات بە(500 ) هەزار درهەم بەڵام عوسمان پەیمانەکەی ناباتە سەر،نیوانیان ساردی تێدەکەوێت،

جارچی جاڕیان دا لەوڵاتانی عەرەبیی و ئیسلامیدا هەرکەس ئایەتی قورئانی لایە تەسلیمی ئەو کۆمەڵەی بکات لە بەرانبەردا مەبلەخێک پارە لەبەیت المال پێدەدرێت ،لەوسەردەمانەدا خەتی عەربی ئەوەندەی ئێستە دەوڵەمەند نەبووە،خاڵ لەنوسینی عەربیدا نەبوە،نەیان توانی وەجیاوازی لەبەینی هەندێک پیتدا بکەن،علی یەکێک بووە لەوانە کەڕۆڵێکی باشی هەبوو دلەجیاکردنەوەی پیتەکان، دانانی خاڵ بۆ پیتەکان و ڕێزمانی عەرەبی،دوای کۆکردنەوەی قورئان لە لایەن ئەو کۆمەڵەوە بەشداری نەکردنی لەکۆکردنەوە ی قورئان دا، عایشە هەستا بەنوسینەوەی لیستێکی (170)کەسی کەهەمووی لەخزم و کەسوکار و بنەماڵەی عوسمان سەر بەهۆزی(ئومیە) بون دانرابون لەجێگای بەرپرسیارەێتی دا لەوڵاتانی ئیسلامیدا،عایشە ئاگاداری خەڵکی کرد دەی گووت ئەو سەدوو حەفتا بەرپرسە هەمووی لە کەسەنزیکەکانی عوسمانە و موچەیەکی خەیاڵیی وەردەگرن،بەرتیل وەرگرتن بوە تە کارێکی ئاسای ڕۆژانە یان،عایشە هەستا بەبڵاوکردنەوەی ئەو لیستە لەناو مەدینە دا،ئەو لیستەی کەعایشە نوسی بووی هەموی ڕاست بوو ڕۆژانە خەدریان لەخەڵک دەکرد، موچەکانیان لەلایەن خەلیفە وە بۆ زیادکرا بوو،بڵاوکردنەوەی ئەو لیستە لەلایەن عایشە وە کاریگەریەکیی زۆری دەبێت لەسەر توڕەبونی خەڵک لەدەسەڵاتی خەلافەتی عوسمان.عایشە لیستی ناوەکانی نارد بۆ شام و میسر و بەسرەو کوفە بۆ هاندانی خەڵک لەعوسمان و حاکمەکانی کەدای نابوو،بەهەمان شێ وەموحەممەدی برای نارد بۆ میسر هەتا خەڵکی ناڕازی لەوالی میسر بەڕێبکات بۆ مەدینە محەمەد کوڕی ئەبوبەکر بەینی زۆر خۆش دەبێت لەگەڵ عەلی دا کاتێک دەچێت بۆ میسر ناوی عەلی دەخاتەسەر زاری خەڵکی میسر بۆ خەلیفە لەدوای عوسمان ، ئەم کارەی موحەمەد عایشەزۆر ناڕەحەت دەکات ،(تەلحە) ش سێ کەسی نارد بۆ بەسرە و کوفە کەخەڵک وەک شکات کەر بەڕێبکات بۆ مەدینە، تەلحە و زوبێر نێوانیان زۆر باش بوولەگەڵ عایشە ،لەلایەکی کەوە عایشە نامەی نارد بوو بۆ معاویەلە نامەکەیدا پەیمانی پێدا بوو لەدوای عوسمان پشتگیری دەکات بۆ بون بەخەلیفەی چوارەم ،یەکەم وەجبەی ناڕەزای لەمیسرو بەسرەوە گەشتنە مەدینە هەرچی خەرجیی و پێداویستی حەوانەوە و خواردنی ڕۆژانەیان لەلایەن عایشە وە بۆ دابین کرا بەسەر پەرەشتی (سودان و کنانەبن البشیر النجیبت)بەپێچەوانە وەهەر کە عوسمان زانی عایشەخەڵکی لەو چێگایانەوە هێناوە ئەویش لەبەسرەو میسر و کوفەوە خەڵکی هێنا بۆ مەدینە تا پشتیوانی لەخۆی وحاکمەکانی بکات، ئەو کۆمەڵەی کە بەدەستی عایشە هاتبوون بۆ مەدینە بەیداخیی سپیان کردەڕەمزی خۆیان

،ئەوانەی کە بۆپشتیوانی لەحوکمی خەلیفەو والیەکان هاتبوون ڕەنگی ڕەشیان کرد بووە ڕەمزی خۆیان ،لە مەدینە دا دەست کرا بەخۆپیشاندان ڕەنگی سپی ڕژانە ناو کۆڵانەکانی مەدینە بەدروشم دان دژی عوسمان و حاکمەکانیان دروشمیان دەگوتەوە عوسمان یان بە کەمتیارو تەماحکار و حەزی لەسەروەت و سامان وەسف دەکرد،ئەوانەی کەبەوالی دانراون هەمووی خەڵکی ستەمکار و گەندەڵن خوێنی خەڵکی دەمژن،داوایان دەکرد عوسمان دەبێت لەخەلافەت وازبهێنێت ، لەوسالەدا گرانی و قاتوو قڕی خەڵکی نارڕەحەت کرد بوو یەک لەبەر گەندەو دزی و بەرتیل خواردنی کاربە دەستانیی خەلیفە،دوو لەبەر وشکە ساڵی و کەم بونی بارن ئەم دوو هۆکارەهاندەرێکی باش دەبێت بۆ بەدەمەوەهاتنی خەڵکی لەدژی عوسمان،پاش دوو ڕۆژ هاڵ گرانی ئالآی ڕەش دەستیان کرد بەوتاف کێشان پشتیوانیان بۆ خەلیفە دەوتەوە لە کۆڵانەکانی مەدینەدا، لەوکاتەدا هەڵگرانی ئالآی سپی ڕوبەڕویان بونەوە بە شمشێر بەر بوونەگیانی یەکتری خاڵکێکی زۆریان لە یەکتری کوشت کۆڵانەکانی مەدینە سور بون لەخوێنی موسڵمانان بەدەستی یەکتری ،لەوکاتەدا (سودان بن حمران و کنانه بن بشر النجیبی)لەناو خەڵکەکەوە هاواریان دەکرد ئەی خەڵکینە هەتا عوسمان خەلیفە بێت خوێنی ئێوە بە فیڕۆ دەچێت،دانیشتوانی مەدینە بەشی زۆریان چونە پاڵ هەڵگرانی ڕەنگی سپی دژ بەعوسمان و پیاوەکانی ، پەلاماری ئەو جێگایانە یان دا کە عەمباری دانەوێڵەی لێدانرا بوو هەموویان تالآن کرد، دەرگا کانیان بۆ خەڵکی برسی مەدینە خستە سەر پشت ،،،،،،،ماویەتیی